# کچی کورد با دوعا بۆ داهاتووی بکات؟!

دانا رزگار
danarizgar@gmail.com

لەم ژیانە ئاڵۆزەدا لەم خەمە ناسۆرەدا لەم بستە خاکەدا.. جێگای ئەوینەکان ون کراون و تێزابی مەرگی تێدا ڕژاوە، تێزابێك تەنها و تەنها پێی کچە داماوەکانی دەسوتێنێت، ئەوەی روویدواە ناخی مرۆڤایەتی هەژاندووە، ناخی خەڵك و رێکخراوەکان و روناکبیرانی سوتاندووە، رۆژ لەدوای رۆژ لەرۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان و کاغەزەکانیشدا وشەی زیاتر و زیاتر بۆ رۆحی ناسکی "دوعا" دەنووسرێت.. بەڵام بەداخەوە ئەم کۆمەڵگایەیەی ئێمە تەڕ نابێ.. هەرگیز واز لە شەرەف پەرستن ناهێنن..

زۆربەی دایك و باوکەکان تەنها لەقاڵبی دینەوە دەڕواننە منداڵەکانیان، هەمیشە دەیڵێم و هەرگیز پەشیمان نابمەوە لەم قسەیەم، لە هەرچ وتارێکی کۆمەڵایەتیدا بێت وتومە : "ئەو دایك و باوکانەی کە مێشکیان بە قوفڵێکی ئاسنین وەکو عەگاڵی عەرەب بەدەوری سەریانەوە گیراوەو کلیلەکەشیان قوت داوە" هەرگیز چاك نابن.

باشە بۆ دوعاکان دەکوژن؟ هەی بێ ویژدانەکان، ئەو بلۆکانەی دراون بەسەر دوعادا رەنگە ببنە پەڕەی گوڵ و ئێستا لە دەوری سەری بێن و بڕۆن، ئەگەر پیرۆزی دین لەوەدا دەبینن، وا باشە هەتا زووە واز لە دینەکەتان بهێنن، ئەوە بۆ تا ئێستا کچێکی ئیسلام کە زینای کردبێت بەو شێوە سەرەڕای کوشتنی بەمۆبایلیش وێنە نەگیراوە، بەڵێ نکوڵی لەوە ناکرێت کە رۆژانە کچە کوردی ئیسلام لەبەر ئەو کارە دەکوژرێت و هەڵبەتە ئەوەش یاسای ئەو دینەیە، ئەوە مەرگێکی بەڵگە نەویستە و بۆ کچ داندراوە، کاتێ بیەوێ عیشقێك ببێ بەمیوانی خۆشەویستیەکی ئەوە شەیتانە کورد وەکو وەحشە کۆنەکانی دنیا بەبلۆك و بەرد و جنێو مەرگ دەکەن بەمیوانی، دەڵێن نەکەی ئەو سنوری تۆیە و پێویستە چی دی لەگەڵ مەرگدا بژیت نەك لەگەڵ کوڕە موسوڵمانێکدا، وا خەریکە رێکخراوەکانی ژنان بە رووکەشانە خۆیان پیشان دەدەن بۆ ئەوەی زیاتریان لەسەر نەنووسرێت، کاتێ ئەم رووداوەیان بیست، لەجیاتی ئەوەی خۆیان هەڵوێست وەربگرن چوون پرسیان بەپیاوانیان کرد، ئەوە ئازایەتی پێ ناوترێ، ئەوەش ئازایەتی پێ ناوترێ کە یاسایێکی مت و مردوو وەکو خۆتان لە شتە عەجایبەکەدا "پەرلەمان"دا هەبێت و تەنها رەشکردنەوەی کۆمەڵێ کاغەز بێت و سەرفکردنی مەرەکەب بێت، شتە عەجایبەکە هەر بە پراکتیکی گاڵتە بەخەڵك دەکەن و دەیەوێ ئەم خەڵکە کە فێری شەڕوشۆڕە لەناویان بەرێت، ئەی ژنانی نێو رێکخراوەکان و پەرلەمانە عەجایبەکە، ئێوە دەبێ دەست لەکاربکێشنەوە ئەگەر ژنیەتی خۆتان ئەسەلمێنن ئێوە پێویستە بەپیاوە دەسەڵاتدارەکانتان بڵێن "تا ئەو یاسایانەی تایبەتن بەژن پەیڕەو نەکرێن دەست بەکار نابین" بەڵام بەداخەوە ماڵ و پارەو شرینی دونیا کە ئێوە تێیدا غەرق بوونە بەخۆپیشاندانێك لەدەست ناچێ، ئێوە تا ئێستا نەتانتوانیوە بوونی خۆتان بسەلمێنن، چونکە ئەگەر بوونتان هەبوایە و بەراستی کوردستانین ئەوا بیناتان لەبەعشقەش ئەبوو، بەڵام ئێوە بیناکانتان داگیرکردووە و هیچیشتان دیار نییە، سەبینێ ئەگەر کچێکی تر بەو شێوە کوژرا ئەو کات چی دەکەن؟؟؟ رەنگە دیسان بێدەسەڵاتیی خۆتان پیشانبدەن..

کچانی وڵاتەکەم.. ئێوەش چاوەڕوانی مەرگ بن، ئێوە سبەینێ وەکو ئاژەڵ سەردەبڕدرێن، لەئێستاوە دەست بکەن بەدوعا بۆ ئەوەی وەکو دوعاتان لێ نەیەت، لەئێستاوە خۆتان ئامادە بکەن بۆ ساڵێکی تر بۆ ئەوەی یادی دوعا بکەنەوەو لەو رۆژەدا دوعا بکەن کە چارەنووسی دوعا بۆ کۆمەڵگە وەحشیەکەی کورد بێت، بۆ باوکسالاران بێت..

کچیی کورد; کاتێ راگەیاندنەکان بەتایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان ئەم هەواڵەیان بڵاوکردەوە کەپرسی حیزبەکانی خۆیانیان کرد، سەرەڕای ئەوەش ئەو گرتە ڤیدیۆیەیان بڵاونەکردەوە کە لەئینتەرنێتدا هەیە، جا لەبەر خەفاندنی ئەو مەسەلەیە بێت یان لەبەر ئاسایشیی کوردستان.